# ڕەمزەکان ناخەینە دەریاوە!

## وەڵامێک بۆ کاک کۆسرەت



سلێمان عەبدوڵڵا یونس
slemanyunes@yahoo.co.uk

ماوەیەک بەر لەئێستا کەنوسیم کودەتای سپی ناو یەکێتیی بەڕێوەیە ، دڵنیابووم کە پێشبینیەکەم دێتەدی ، ئاخر یەکێتیی وەکوو بەری دەستی خۆم دەناسم ، یەکێک لەخاسیەتە جیاکەرەوەکانی یەکێتیی لە ساتەوەختە بەراییەکانی دروست بوونیەوە، بوونی خەسڵەتی نوێ بوونەوە و جەسارەتی ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو و بەئومێدەوە تەماشا کردنی ئایندە بووە ، کە نوسیشم یەکێتیی ناتوانێ بەتەنها لەسەر ڕابردوو بژی ، گەرەکم بوو بڵێم ئایندەیەک چاوەڕێی یەکێتیی دەکات ، ئایندەیەک ناخوازێ یەکێتیی بەچەپکە گوڵێکی سوری ڕابردووەوە بەرەو پیری بچێ ، ئایندەیەک گەرەکیەتی بەدوو دەست تەوقە لەگەڵ یەکێتیی بکات ، بەدەستێک چەپکە گوڵە سورە شاخاویەکەو بەدەستەکەی دیکەش باقە نێرگزەکانی دوای ڕاپەڕین .

من پێم وانیە گرفتەکانی ناو یەکێتیی بچوکن ، بەڵام ئەوەی کەپێی وابێ یەکێتیی بەو دەردانەوە سەردەنیتەوە و تەمەنی یەکێتیی چەند مانگێکی دیکەیە ، جگە لەوەی خۆشخەیاڵە ،لەو ڕاستیە مێژوویانەش حاڵی نەبووە کە یەکێتیی تیایدا لەدایک بووە ، کە یەکێتیی تیایدا شۆڕشێکی بەرهەمدار و بەدەسکەوتی تیادا لەکڵپە



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

داوە ، کە یەکیتیی تیایدا میژووی خولقاندوە و هەمیشەش بەدوای بەردەوام بوونی ئەو میژوەو بەرەو پیری ئایندە بەئاگاوە خەمی میللەتێکی بۆ دیاریکردنی چارەنووس لە هەناویدا جۆشدەدا .

تەکەتولاتی ناو یەکێتیی دیاردەیەکی نامۆ و نوێ نییە ، لە سروشتی دروست بوونی یەکێتیی‌دا زەمینەیەک هەیە کەوای کردووە دەرفەتی تەکەتول کردن و بوونی تەکەتولە لەیەکتری جیاوازەکان بەسەر ژیانی سیاسی ئەم ڕێکخراوەدا ببێ بەدیفاکتۆ ، بۆ حزبێکی سیاسی مۆدێرن مەسەلەی تەکەتولات مەسەلەیەکی ئەوەندە ترسناک نییە ، مەسەلەیەک نییە مەرگی ڕێخراوەکەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبێ ، بەڵام دەکرێ گومان ، یان پرسیار لە هۆکارەکانی دروست بوونی ئەو تەکەتولاتانە ، ئامانجەکانیان ، ڕەوایەتیان ، وادەو هەلومەرجی سەرهەڵدانیان ، ئاراستەو خواستەکانیان ، بکەین ، هەر لەناو یەکێتیی خۆی ، ئایا بوونی تەکەتولاتی ئایدلۆژی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان ، مایەی گەشەکردنی بەردەوامی ناو یەکێتیی نەبوو تا دوای ڕاپەڕین و یەکەمین کۆنگرەی گشتی؟ ئەمە لەسەر ئاستی کوردستان و یەکێتیی لەسەر ئاستی دەرەوە، پارتی کرێکارانی بەریتانیا ، بەهۆی ئەو دوو تەکەتولاتەی ناویەوەبوو توانیان بۆ یەکەم جار لەمێژووی سیاسیاندا ، سێ خولی پەرلەمانی و حوکمڕانی لەسەریەک بۆخۆیان مسۆگەر بکەن ، تەکەتولاتەکانی ناو ئەو حزبە خاوەنی دوو تێڕوانینی تەواو لەیەکتر جیاوازن بۆ سیاسەتە ناوخۆیی و ئەوروپی و هەتا پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیش ، لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەشدا پارتی کرێکارانی بەریتانیا توانی ئەو واقیعی تەکەتولاتەی ناوی بەگەمەی دیموکرسی ناو حیزب ناو بنێ و دەنگدەرانی بەریتانیا ڕازی بکات کەبەرەو پێش چوونی بەریتانیا لە دەستی ئەواندایە .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

گرفتەکانی ناو یەکێتیی بێ چارەسەرنین ، مادام ئیعترافێکی گشتی هەیە لەسەر ئاستی یەکێتیی بەو گرفتانە ، کەواتە لە سەرەوەی هەرەمەکەوە هەتا خوارەوە کۆدەنگیەک هەیە بەئاقاری گۆڕان و نوێبوونەوە ، گۆڕانێک هەموو تەکەتولاتە جیاوازەکانی ناو یەکێتیی یەکخستووە ، گۆڕانێک هەموو تەکەتولاتەکانی ناو یەکێتیی والێکردووە پرسیار لەسەر ڕەوایەتی خۆیان ، لە زەمینەکانی دروست بوون و مانەو نەمانەوەی خۆیان ، لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن و تێڕوانینی خودی ئەو تەکەتولاتانە و کاریگەریان لەسەر ئایندە و گەشەکردنی یەکێتیی ، بکەن بەحەتمی ، کەواتە ئەگەر تەکەتولاتەکانی ناو یەکێتیی ڕەگێکی ڕیشەیی و قوڵیشیان هەبێ و هەمیشەش زەمینەی مانەوە و ژیانیان هەبێ لەناو یەکێتییدا ، بەڵام کۆدەنگیەک هەیە کەهەموو تەکەتولاتەکان دەکاتەوە بەیەک ، ئەویش چۆنیەتی ڕەوایەتی بەخشینە بەژیانی تەکەتولات لەناو یەکێتییدا ، ڕەوایەتیەک یەکێتیی لەسەر تەکەتولاتەکانی بۆ ئایندە تاو بدات ، نەک تەکەتولاتەکان ڕێ لە ئایندەخوازی یەکێتیی بگرن و بیانەوێ لەسەر یەکێتیی بژین .

دوای کۆمەڵێک پرۆژە بۆ چاکسازی ناو یەکێتیی ، من نوسیم ئەو پرۆژانە هی تەکبیرکەری شەوانن ، نەک هی خەمخۆرانی ڕۆژ ، چونکە بەتەنها دەستنیشانکردنی دەرد و گرفتەکان بوون ، لە هەموو ئەوانەش سەیرتر بەشێکی زۆر لە خاوەنی پرۆژەکانی چاکسازی ناو یەکێتیی ، هەرخۆیان پشکی شێریان هەبووە و پشکی شێریشیان هەیە لەو دروست بوون و بەردەوام کردنەی بەڵاو خۆرکەکانی ناو یەکێتیی ، یەکێتیی چ وەک حزب چ وەک حکومەت .

دوای ئەو پرۆژە و پرۆژەکاریانەی ناو یەکێتیی ، یەک لەوانەی بەجەسارەتەوە توانی کۆتایی بەزەمەنی دەستنیشان کردنی گرفتەکانی ناو یەکێتیی بهێنێ و نوقتە بخاتە سەر حەرف و ببێتە ڕێبەری کودەتای سپی ناو یەکێتیی ، کاک کۆسرەت بوو ، کاک کۆسرەت توانی بێترس ئەو چارەسەرانە بڵێ کە هەمووخاوەن پرۆژەکانی ناو



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

یەکێتیی یان دەستەوستان بوون لەبەرامبەریدا یان جەسارەتیان نەکردووە باسی بکەن ، باس کردن لەو چارەسەرانە لەلایەن کاک کۆسرەتەوە ، دەلالەتی ئەوەیە دیسان ئەو سیمبوڵەی ناو یەکێتیی ، ئامادەیە بۆ یەکێتیی ، بۆ ئایندەی ژیانی سیاسی میللەتەکەی بە کژ مەحاڵ و مەترسیە گەورەکاندا بچێتەوە ، ئەو سیمبوڵەی لە دۆڵی سماقوڵی میژوویەکی تۆمارکرد ، کاتێک وەکوو یەکەم سەرۆک وەزیران لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ، لەچەند سەد مەتری شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ دەبابە و فڕۆکەکانی تورک کرد ، ئەوکاتە ئەو پیاوە ئامادەی گیان بەخشین بوو ، بۆ ئەو حکومەتەی خۆی سەرۆکایەتی دەکرد ، ئەوەتا ئێستاش دوای ئەوەی تەکەتولاتێکی ناڕەوا ، ناوبانگ و ئایندەی یەکێتیی دەخاتە شەڕێکی خۆکوژیەوە ، ئامادەیە ژیانی سیاسی خۆ بکاتە قوربانی ، لەپێناوی سەرکەوتنی پڕۆژەکانی ڕیفۆرم لەناو یەکێتیی.

یەکێتیی لەئێستادا ناتوانێ ،بەتەنها لەسەر توانای گەنجان بژی و جاڕی مەرگی ڕەمزەکانی بدات ، بۆ ڕیفۆرمی یەکێتیی دوانەی توانای لاوان و ئەزمون و مێژووی ڕەمزەکانی ناو یەکێتیی بەیەکەوە پێویستیەکی حەتمی سەرکەوتنی گیانی ڕیفۆرمخوازی ناو یەکێتیین ، بۆیە ئەگەرچی پێشنیاری دەست لەکار کێشانەوەی سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ ڕێگە چۆڵ کردن بۆ دەستەیەک لە کادیرە هەڵسوڕاوەکانی ناو یەکێتیی ، لە جەوهەردا بریارێکی ئازایانەی دەگمەنە ، بەڵام بۆ ئەمڕۆی جەباتی سەختی کورد و یەکێتیی کارێکی خۆکوژیە ، چونکە ڕاستە یەکێتیی پیویستی بەگۆرینی ئەو سەر و عەقڵە کلاسیکە سیاسیە چەق بەستووە هەیە ، بەڵام مانەوەی ڕەمز و جەمسەرە سەرەکیەکانی ناویەکێتیی لە ئەمڕۆدا بەقەد ئەو گۆرانە گرنگی بۆ گەشەکردنی یەکێتیی هەیە لەم هەل و مەرجە ناسک و دژوار و هەستیارەدا .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

ڕەمزەکانی ناو یەکێتیی ،کە کاک کۆسرەت خۆی یەکێکیانە بە ڕۆیشتنیان ، مێژوویەک لەگەڵ خۆیان دەبەن ، مێژوویەک کە بۆ قەدەریکی درێژتر بۆ یەکێتیی ، پێویست دەکات یەکێتیی وەک شوناسی خۆی ،لەپێناو مانەوەو گەشەکردنیدا ، بەشێکی جیانەکراوەبن لێی ، کەواتە ببورە کاک کۆسرەت ، ڕەمزەکان ناخەینە دەریاوە .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!